

# پیاوێکی ئاڵ

ئیسماعیل خورماڵی

ئەم ڕۆژانە من ڕۆشنایی ، چ پیاوێکی ئاڵم
کە ڕۆشنایی سێوانی تۆ دەمفڕێنێ !
خوڕەمی لقی چ دار گێلاسێکم
کە لە جامی سەرنجێکتا ،
پڕدەبم لە بۆن سێبەری لەرەی سێوان
پڕدەبم لە بۆنی باخچە ڕووتەڵەکان
لەبەرامەی ئەوساتانەی (با) ستیانی گوڵ دەفڕێنێ و
هەرمێی کچان ، دڵی گەنجان
تۆ من و ڕەشەبای قەڵەم !
وەک ئەو ڕۆژانەی پڕ دەبم
لەبەر هەیوانی خەیاڵ و
لە ئاوڕشێنی لای سەبا و
لەدەربەنی یەخەی شل و
لە بەرۆکی ترازاو دا
کە سینە عەتری سێوان دەڕژن !
کەمەمان ئاوی چەم نووران دەڕژن !
خودایە میهرێ ، بە نیشتیمانی قەفەسان بە
بە ماڵێ ، کە بە بێ ماڵی عاشقان دەچێ !
خودایە تۆ بە گریانم پێ مەکەنە
بەم ئاڵ بوونەم پێ مەکەنە
ئەوێک خۆی لە جێ ژووانێکدا زریکاندی
گەر لێوێ بە لێوت تەڕکەم
تۆپێت وابێ
زریباریێ ئاوی ڕۆحم نۆش کردبێ !
تۆپێت وابێ ، بەشی عومرێ تامی هەنجیرم کردبێ !
ئیتر ئەی یار
لە گەمەی بۆقە سەوزەکانی تەنیایی وورد مەبەوە
لەخەونە جەنجاڵەکانت گەڕێ

له گەرد ماڵینی هەناران
له حوجره چۆڵەکانی خوا
له سێبەره شەرمنەکان
به دووی شوناسی خۆت کەوه  ئەی یار
تۆ که هاتی
مینا سێبەر
لەلا چیغ و
له ماڵی چ کەپرێکەوه هاتی ؟
تۆ که هاتی
لەسەر مەوجی چ قەزوێنێ
ئاو تورِی دای ؟
تۆ که هاتی
له ناو رِەنگی کام پەروانه و
کام عەینەمەل حەشار هاتی !
له خوماری
جووت بوونی کامه مێخەکدا
به شەونمگەی عەتر هاتی ؟!
دەی بفەرمه یاری عەیار ،
تۆ که هاتی چۆنی هاتی ؟!
بڵێ چۆن
چۆن ؟

پووشپەرِی 2005/ ئەڵمانیا